کچە ئەوەنزادە سەرکەشەکە: دەسەاتی کوردی منی بە سەگ داناوە.. سەلام عەبدوللا

ئیمە یەکێتی نووسەرانی کورد پاش تێپەبوونی 10 ساڵ بەسەر ماڵئاوایی د. ئەحلام مەنسوور، بەناویەوە خەاتیان بەخشی بە چەند ژنێکی نووسەر و ئەکادیمی شارەکەمان. دکتۆرە باجی خێی دا وەك خاوەن کەسایەتی زانستی نەك خۆفرۆش، ڕۆژنامەنووسێکی بەجەرگ نەك وەك ڕۆژنامەفلوسەکان، ڕۆشنبیرێکی ئەرگانی نەك وەك قەڵەمفرۆشەکانی سوڵتانەکان و حزبەکانیان کە بەردەوام بەرووبانا هەوستا و بە دز و ستەمکار و گەندەڵ و کڕێگرتە دەزانێ. بەم بۆنەیە بە کورتی باسی گەورەیی و گرنگی بەرهەمەکانیم پێشکەش کرد:

ئەحلام لە چیرۆکی (وێنە) کە بە عەرەبی نووسیویەتی، ئەڵێ(من مردوویەکم لەناو ماڵەکەم، وەك شەهیدێك دەمرم.). بەڕاستی هەر بەو شێوەیە، بە تەنهایی و بە خەمباری و دنیایەك دڵشکاوی ماڵئاوایی کرد لە ژیان: (مانگ هەموو چرکەیەك دەست بە گریان دەکات. ئایا چاوم ئەشکەوتە؟). نا ئەشکەوت نیە، ناڕەزایەتیی دژ بە سەرشێتی سیستەمی نامێبوونی مرۆڤ، ژانی لەدایکبوونە بۆ ژیانێکی نوێ.

بەخێی لەوپەێی ئازاری مرۆیی هاتۆتەوە و لە وڵامی پرسی تەنایەکەی، دەڵێ: ڕەنگە وەك هەمیشە بڵێن: لەماڵەوە دانیشتووە و تێگەیشتووە کە ڕوحی ماندووە و بۆدەنگی هەبژاردووە، هیچ کارێکی نیە، بۆجگە لە بیرکردنەوە، هیچ کارێکی تری نیە. من وڵامیان نادەمەوە، چونکە عیشقم خۆشەویستیی لەگەل عیشقدا دەکا.)

ئەوەنزادەکەمان لەرادەبەدەر متمانەی بەخۆ هەبووە: (ئەزموونەکەم وەك چیایەکی بەرزە و گەردوون بەردی بناغەی لەناو دێی ڕوحم داناوە، بۆیە خوێنبەرەکانم بوون بە ڕووبار و دێم کانزایەکی ئاتوونە، ژەنگی پێی ناوڕێ).

بەخێی وەك ڕۆشنبیرێکی ئەرگانی دەیزانی وشەکانی بە ئارەق و شکستی هەژاران ئامێتە بووە و بەووی دووڕووەکان دەتەقێتەوە: (پێموابێت مانگ مەیی بۆهوایی دەنۆشێت و لاپەڕەکانم خوێن... ئەوە بەردەوام دەمامکتان داناوە و ناتوانن وێنەکە بەباشی ببینن. من لە هیچ هەنگاوێکی ڕابردووم پەشیمان نیم).

هەر لە هەمان وتار ڕووی قیزەوەنی دەسەاتدارن پیشاندەدا و دەڵێ: (لەنۆوچەوانم دڕووشمی ئازادی و کۆمەگەی مەدەنی درێنەکانی

سیاسەتمەدارەکانی کوردستان لە نەنووسراوە).
دکتۆرە زادەی خۆشەویستی مرۆڤ بۆ مرۆڤە لە کۆمەڵگەیەکی سەرتاپا ساختە کە قینەیان لە سەرۆاستی هەستاوە: (چونکە من خۆشتانم دەوێ و ئێوەش رقتانە لە من و بەردتان تێدەگرتم. ئێستا میژووی مرۆڤایەتی بەردتان تێدەگرێ) و رووبەڕوو بە بە پۆلیسیان دەشوبهێنێ: خۆتان ماندوو نەکەن ولەییرتان نەچێت، ئێوە پۆلیسن).
گریان بۆ ئەحلام سەفەرێکی لە مۆژینەی مرۆڤە، خۆیشی گریانەکانی جارێ بە مانگ و جارێ بە خدری زیندە و باڵندەکان دەسپێرێ: (ئەوەتە خدری زیندە بە کوێ دەگرێ تا کات، ئەستێرە و پەیگەر و باڵندە و دارەکان دەگرین، بەڵام نە من دەگریم و نە وێنەکەی نووچەوانم...)یان(لە رۆژێکی ترسناك، سەرماوسۆدا، مانگ بۆداریکردمەوە و لەپێناومدا دەستی بە گریان کرد و وتی: ئەوانە گاڵتەیان پێکردی...من لەپێناو رەنجە بەباچوو و ئاە وناڵەکانت دەگریم.)
هەر وەك چۆن کەس نازانێ خانەقین(شارێکە لوناو باخ یان باخێکە لەناو شار)، بەهەمان شێوە نازانین ئەحلام ئەوەنە یان ئەوەن ئەحلامە: (لە گۆرانییەکی رووسی(هەردومان کناری رووبارێکین قەت یەك ناگرنەوە و لەیەکجیانابنەوە). بەو شێوەیە من و عیشق کناری رووبارێکی خوێناوین.).
لە کتێبەکەی(ئەزموون). لێرە ئەم دیالۆگە گەورەیی هەوێست و بۆای وەك ژنێکی نوێ دەردەکەوێت، چەندە هیوای بەرزە، بەڵام وەك هەر مرۆڤێك هەندێ جار بێدەنگی هەڵدەبژێری و بێزاری داگیریکردووە: (

- روحت و دەروونت دەگۆمەوە
- نامەوێ. دەمەوێ هەر خۆم بم و وەکو خۆم بمێنمەوە.
- بۆ؟
- وا لەدایکبووم، وا ژیام و بەم شێوەیەش دەمرم
- چیتە؟ بۆچی بێدەنگی؟
- هیچ
- ئەی بۆ بێزار دیاری؟
- بێزاری بۆتە پێستم)

ئەحلام بەوپەڕی بۆاوەوە بۆمنەتی خۆی لە ئاست مردن و خودی ژیان و تەنانەت یەکانگیری لەگەڵ خودا پیشاندەدا: (گەیشتمە حاڵەتی نیرڤانا، بەرزترین پلەی بوون و لەحاڵەتی یەکێتی بووندام لەگەڵ خودا... چی دی هیچم ناوێ. ئەگەر گیانیش لەدەست بدەم. گوێی نادەمێ، چی دەبێ با ببێ.)

هەروا دکتۆرە بە نەپساوی خاوەن هەڵوێستی خۆی بووە و سازشی نەناسیوە، بۆیە دەڵێ: (دەسەڵاتی کوردی منی بە سەگ لە قەڵەم داوە)
لێرەش دەبینین بەرامبەر ئەو هەموو تاڵی و وێرانی دۆخی خەڵکەکە، ڕەشبینی ڕووی تێدەکات و دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ خودا: (نە مردن و نە خەو دەمباتەوە، نازانم کەی ڕۆژەکاتەوە. ژیانی من تەنیا شەو دەیکاتەوە و ڕۆژیشم تاریکە... تاریکستان لە سیخوڕیستانی کوردستانی ژێر بە ژێر فڕۆشراو.

- خودایە لە زمانم تێدەگەیت؟
- بەڵێ تێدەگەم. ئێوە دەسەتدارانتان هەمیشە نەکەر بوون
- بەداخەوە دەزانم دەمێکە ئەم ڕاستیەم بەدیکردووە.

دەبوو ئەم ئەڤەنزادە یاخییە پاش 100 ساڵ لەدایك ببێت: ئەحلام وەك گوڵێکی سوورە لەناو وێرانی، خۆشەویستیە لەناو فەزای جەنگ و خوێنڕشتن، سەرڕاستیە لەناو دنیایەك لە دووڕوویی، لەم کۆمەڵگەیە کە تا ئێستا تێڕوانینی نەریت و مەزهەب وەك مێزەم یەخەی گرتووە. لێرە ژنانی چینێکی دیاریکراو دێنە گۆ، ئامە ڕەشە دەبێتە دەنگی چەوساوەکان لە شۆڕشی 1958 لە شارەکە. ئەحلام هاواری ژنە ژێردەستەکانە دژ بە جیهانگیری سەرمایەداری و ئابووری و کلتووری نامۆیی لیبێرالیزمی نوێ و نموونەکانیان لە ریزی ژنان و دژ بە ژنان: ئەم سیستەمەیە کە فەمیساید، چەوساندنەوە و ئاوارەیی و بێکاری و زەوتکردن و لاقە و کچە مۆدێل و لەشفرۆشی لە دنیا بەرفراوانتر کرددوە!
بەشی دووهەم دوایی

لە پەراوێزی خوێندنی ڕمانی(ئەڤەن)
لەسەردەمی بەدرخانییەکانەوە هیچ نوسینێکی فەمنستی بە ڕەهەندە سۆسیالیست و واقیعییەکەی بە زمانی کوردی نەنووسراوە بەتایبەتی بە زاراوەی کەهوێی تێکەڵ بە سۆرانی). لەبواری ڕماندا(ئەڤەن) دەنگی ژنە هەژار و پەراوێزخراو و زەوتکراو و لێقەوماو و ماندووکانە. پاش نووسینی ئەم ڕمانە بە 27 ساڵ، بەڵێز خەندە مەحەممەد جەزا کتێبێکی بڵاوکردەوە بەناو(ئێقیانووسێك لە تاوان) کە هیچی لەم ڕمانە کەمتر نیە.
ڕاستە دکتۆرە وێنەی(کامێ)ی لە ژوورەکەی هەڵواسیوە و ڕاستیشە لە هەندێ نووسین مۆرکی بڵهودەییان هەیە، ئەی چاوەڕوانی چی لە ژنە یاخییەك بکەین لەناو ئەم زبڵخانە کەرپیاوسالاریە؟

پەیامی ڕەمانی ئەوەن ریچکەیەبڕهودەیی نەگرتووە و نموونەی ئەدەبی ریالیستی سۆسیالیستیە، قارەمانی ڕەمانەکە(ئامە رەش) باوشی ژن و منالە(ئەحلام) تاقێنراو و هەڵەشەلکراو و بە زۆرەملی لەشفرۆش و هەژارەکانە بە پلەی یەکەم.
ئامە رەش(دایەنی ئەحلام)لەگەل هەژاری و بێدەربەستییەکەی ئاگای لە دەوری خۆی هەبوو.
کەسایەتی حەسەن توتنچی و دوکاندارەکانی دەوربەری دوکاتی باپیرەی، یەکەم نموونەی ستەمکاری پیاوسالارانەیە لە ژیانی ئەحلامی هەرزەکار کاتی دەچێتە سەر دوکانی باپیرەی تا لە نۆژ دەبێتەوە، بەڵام ئەحم رووبەڕوویان دەوەستێتەوە: (ئەی دوێتە فرە جەربەزەس..ئاخر چوین وەئیمە ئویشد گەواد..درووکەن..دووفاقی و دوو بەرەکی و درۆدەکەن)
نەك هەر دوکاندارە، مالی رەشید بەگ بە هۆلاکۆ و تەیمورلەنگ و ڕەبەنەکانی سەدەی ناوەراست و رەشید بەگیش بە راسپێتین شوبهاند. لەگەلیدا کاتێ زوڵمکاری حاجییەك دەبینێ پێی دەڵێ: تاوان خوداس.. تو حاجید،لە خوددا پاڵدەوو، وە شورتە و کەلەپچە عالەمەگە خاس کەید؟) هەروا ئەکبەر سەگکوژ بوو و سەعە دەهەڵچی قەلەرەشەکانی دەکوشت)
گەرچی ئامە رەش ژنکی نەخوێندەوار و هەژار و چارەڕەشە، کەسایەتییەکی ئاشتیخوازی دژ بە جەنگ و کوشتنیشە: (چەند جار وتمەسە پیان: خوین مەرژنن).
ئەستا منا فێدان زیاتر بووە لە جاران ، لە ڕەمانەکە بە شێوەیەکی زۆر زەق ڕەنگی داوەتەوە، بێ نموونە وەك هەوا دەگات ئامە: (منایگ لەبەردەم مزگەوت فێدانە) و لەوەش تراژیتر ئەوەیە، هەر کچێك یان ژنێك منای سرووشتی ببێت، بەنهێنی لەلایەن ئامەوە: (شوین گومیان کەم..قەحرخم، بەس چە بکەم).
ئەحم خێ ناکاتە چاوکان و هەر باسی ژن وەك بە شێوەی ئەرینی ناکات و ڕاشکاوە باسی فەریدە بەربووك و ئەنە ئەماس چن قەوادەیی بێ حەسەن ئاغا کردووە: (حەسەن ئاغا دەست نەنە ئەلماس بی، ژن جوانیش ئەرای ئەهاورد).
لە ڕەمانەکە، ئەوەن ڕۆی فریادرەس دەبینی لە ژیانی ئامە و خودی ئەحلام، نەك تەنها لەم بەرهەمە، بەکو لە چەندین بەرهەم و وتاری تر، هەر چن پەنای بێ ناهانە، ئەوەنیش بەهەمان شێوە: (ئامە هەر کە خەم دایدەگرت، دەستمی دەگرت و دەیبردم بێ سەر ئەوەن و خەمەکانی دەدا بە دەم ڕووبارەکەوە).
خەمەکانی زیاتر خەمی ژنان و کچانی شار بوو، بێ نموونە: (فەیمە 3 ڕۆژ بوو لەناو خانەکە مردبوو، بونی کردبوو..بووکەکەی شەفە بنی نیە)

ئەحلام دیاردەی کوشتنی بووك بە هۆی جیاواز پیشاندەدا و دەنگی ناڕەزایەتی ئامە بە دەم تلیاق خواردن و جگەرەکێشان یان سەرخۆشییەوە دنیا دەگرتەوە: (ئای کە وێنەیەکی سامناك بوو...لەتوپەتیان کرد. ئامە هەزار جۆنی دا بە شەفە و سەید زادە و دایکی باوکی و هەموو خانەقین، بە مە و شەرع و مەرع، بە نێر و مێ).
هەکاری فەمیساید لە ڕەمانەکە حەسەن ئاغای دەرەبەگ و هاوڕێی قائمقام و بەڕێوبەری پۆلیس و بەرپرسسەکانی تر بوو: (حەسەن ئاغا ئەمر کرد بکوژنەی).
لەبەر ئەوەی ڕووداوەکانی ڕەمانەکە لە گەڕەکی (چایلغ)ە، ئەحلامیش ڕێی چاودێریش دەبینی و دەنووستت : (ئیتر چایلغ لەو ڕۆژەدا نەك تەنیا نموونەی هەموو جیهان بوو، بەکو مۆزووی هەموو مرۆقایەتی لە چاو ئەو چەند سەد منالە بە وردی دیار بوو.)
هەر لە منالییەوە ئەلفوبێی درکی بە جیاوازی چینایەتی کردووەو ڕێی پێشرەوایەتی بینیوە لەناو منالەکان. ئەحلام ئەمە لە بیروەرییەکانی لەبارەی ڕۆژانی جەژن دەرخستووە : منالە هەژارەکان لە ڕۆژی جەژن: (ڕۆژی جەژن بێ منالە هەژارەکان دەبوو بە هەزار سەعات.....ئەگەر گەورە بید چە کەی. گەورە بید سێ حکومەت دەیدە یەکەو)
شانازی و سەرسامی ئەحلام بە کەسایەتی (ئامە رەش)ی دایەنی و باوەشی میهرەبانی و دڵنەوایی گەیشتتە ئەو ڕادەیە کە لە وڵامی پرسیاری(تو دوتت کید؟): دەمویست بڵم ئامە رەش..لە سینەما لە باوەشی ئامە خەوی لێدەکەوت.)
لە ڕەمانەکە زۆر بە دەگمەن باسی هاوسەری ئامە حاجی بیسمیلا) دەکرێ، ئەوەش بەشێوەیەکی ڕووکەش. دایکی 3 کچ بووە(سەعدیە و سعاد و وەجیهە). سەعدیە لەلایەن ڕەحیمە کەچەڵ زەوتکرا و کەناسەکە دەستی ڕاستی بە خۆنەکەی وەردا و بەسەر وچاوی ڕەحیمە کەچەڵ هێنا. ڕەحیمە بەخێیشی گەوادی لەسەر سەعدیە دەکرد: (ڕەحیمە کەچەڵ پیاوهکانی دەهێنا و مراقب بەلەدیەکەش و بە هەڕەشە ...ووو)
سەعدیە لەپێناو ئەوەی ئازار دایك و باوکی نەبینێ: (نەوتی ڕژانە سەر خێی و بە شخارتە ئاگری خێی دا.
لەناو خەڵك باسی (بێ بنەیی سەعدیە)یان دەکرد: (دوتەگەی گان ئەیا...ئامە خێیشی).
ئەحلام لەم بارەیەڕ ئەڵێ: (دوتم لای خوداش شکات نەکەم...ئامە ماڵ بە ماڵ و دوکان بە دوکانی دەکرد و زیاتر تلیقاقی دەکێشا و چاکتر مەست دەبوو...زۆرجار لە چەپاوی ڕێگاکاندا دەکەوت ئەوجا نەك هەر منالەکان، پیاوە گەورەکان و ئەفندیەکانیش گاڵتەیان پێدەکرد و

خۆیشی وەامی کەسی نەدایەوە و گاڵتەی بەوان و دنیا دەکرد).

ئامەی هەژار(هاوڕێ فاتمە گوڵبەڕۆژن و پاقڵەفرۆش بوو و پێکەوە سەردانی پرسەکانیان دەکرد).
ئەحلام لێرەوە هەنگاوێکی تر دەچێتە پێشەوە بۆ خستنەرووی گرێ و ململانییەکان:
مچە تورشیفرۆش، بەیانیان خایە و نیوەڕۆان تورشی و شەویش پارەکەی دەدا عەرەق. ئەی چی بە پارەکەی بکات؟
گرنگی مچە لە گرنگی ئامە کەمتر نیە، کەسایەتییەکی تری تراژیدی ڕۆمانەکەیە، کوڕی باوکێکی هەڵهاتوو لە شارەزوور و هەژارە، لەلای حەسەن ئاغا کاری دەکرد و ئەم لەبری خوداوەند چارەنووسی ڕەشی بۆ ئەبەد دیاری کرد. ئەو کاتە مچە درکی بە دنیا کرد، بە چاوی خۆی دەیبینی دایکی چۆن لەشفرۆشی دەکات و رقی لە باوکییە، بەڵام نەیدەزانی دایکیشی لەلایەن دێندەکەوە بە زۆرەملی زەوتکراوە و بەخۆیشی منااڵێکی سرووشتیە. لێرەو و لەوێ گوێ لە قسەی خەڵک دەبوو، ئەمە بوو بە گرێ کوێرە و دوای وەام دەگەڕا: کوڕی کێیە؟
لە گفتوگۆیە دژەزۆن لەنێوان مچە و ئامە ئاراستەی ڕۆمانەکە دیاری دەکرێت.
ئامە جێگای متمانە بوو، بۆیە مچە باسی هەستی خۆی بۆ فاتمەی لەلادا کرد، بەو تەمایە بیگەیەنێت بە دڵبەرەکەی: ئامە باسی هەستی خۆشەویستی مچەی تورشی و خایەفرۆشی بۆ فەیمە زۆر بە جوانی کرد. گەورەترین سوێندی ڕەمەزان (وە پاکی ئامە قەسەم) بوو. ڕەمەزان لەگەڵ سەبە کچی و پیرەزی ژنی خۆزانێکی تری هەژاری چایلەغ بوون لەگەڵ پورە سوێتانەی کوڕ و سواکەر.
ڕەمەزان وەک پیاوێک کەسایەتی ئیجابی ناو ڕۆمانەکەی و ئەحلام هاوڕێتی سەبەی کچی کرد و یاری لەگەڵ دەکرد و دڵیدەدایەوە، چونکە بەردەوام بە هۆی کاری باوکییەوە سووکایەتی پێدەکرا: (زۆربەی ئێواران دەچووم بۆ کەلاوە شۆکەی ماڵ سەبە و پێکەوە بە لێکە و پەڕۆ کۆن بووکەشووشەمان دەرووست دەکرد. ئەوەندە سەبەم خۆشدەوێست ناتوانم باسی ئەو سۆزە پاکە بکە کە هیچ لافاوی قینی چینایەتی بیڕوخێنێ. دەربەستی لێدان نەهاتم ئەوەندە لەسەر حەق و ناحەق لێیاندام. پاش هەموو تەهەدانێک ئامە لەباوەشی دەگرتم و فرمێسکەکانمی دەسڕیەوە:
(هیچ شتێک تامی ئەوەی نەبوو سەر لەڕ سەر سنگی ئامەڕ بنێم).
مەلیحە ناوی یەکێک بوو لە کۆمەکانی گەڕەکەکەمان، بەبۆ دایکی گەورە بوو. باوکی دایکی کوشتووە، هەر جارێ پرسیاری دایکی بکربا، یەکسەر وەک جانەوەر پێ دەوت: (جاریکی تر بپرسید سەرت بڕم).

مەلیحەی بەدبەخت لە منانی گەنەك و لە تەنانەت لە كچ و ژنە گەورەكانیش گوێ لە قسەی و قسەلێك دەبوو، بەناو ئەوەتە فریادرەسی ژانی ستەملێكراوان وەم فریشتە پەیدا بوو: (ئامە ناخی خێی دەكردە گێستان تا خەم و پەژارەی ئەو كچە بەستەزمانەێ تێدا بشارێتەوە). ئەحلام بەم شێوەیە كارەكتەری باوكی مەلیح ە وەسف دەكات: (باوكی مەلیحە باوك نەبوو، هیچ نەبوو جیای بكاتەوە لە هەر جانەوەرێك. باوك مەنلیحە خەریك بوو مەلیحە بە شوو بدا، بەناو بەكێ؟ بە كەسێكی قیزەوەن، بێیە(مەلیحە پەنای بێ ژنە پیرەكەی دراوسیان دەبرد كە هەموو پێان دەوت میمی..میمی كەسی بە پیاو نەدەزانی). میمی دیسان بەخێیشی قوربانی دەستدرێژی سێكس بوو لەلایەن قەساوێكەوە.
میمی لەبارەی پلانی بەشوودانی مەلیحە زۆر بە توەیی هەنەدەچێ و دەێ: گوی وە روح خاوەنیان توان بێنەدە حوسە قاچاخچی، ئەیە خوداش قبووڵی نێكەد، بەس دنیا نە وە حەز منە نە وە حەز تو. ئەی سەك باوگە وە عومر بابادە.
مەلیحە بیر لە هەناتن دەكاتەوە و لێی دەپرسێ: (ئەنا كورە هەنا بكەم، خودا لە كورەس تا بچمە لای. تو جاری ئەنام پەیای بكە. لە كورە خێم بشارمەوە. بچمە ناو تەنویرەگە یان ناو كولانەگە؟
میمی: هههههه فەرقی نیە، دەست گرن و خەنەدە ناو تەنویرەگە.
ئەحلام بەشێوەیەكی ئێستادانە زۆری تاوانی دەستدرێژی سێكسی بەم شێوەیە دەخاتە روو:
(میمی هاواری لەدەستدانی كچێنییەكەی لەلایەن فەتاح قەساب لەگەل هاواری مەلیحە تێكەێ كرد) و پێی وت بێ فریادەسە بلیمەتەكەیان بێ بانگ بكات: (خێم چارەد كەم، خێم چارەد كەم بچیدە كورە، بكەفیدەی دەس گورگەیل تر فایدەی نیە. بچووە لای ئامە رەش بانگی بكە ئەنام ئامە رەش وەك فریادرەسێك)
مچە ئێستا تێگەیشت لە مەبەستی رەفە(باوكی مەلیحە) كاتێ دەهات بێ ماێیان، جگەرەی لەگەل خێی نەدەهێنا و ئەوەیشی بێ رووبنبووەوە كە رەفە گوادیشی دەكرد، بێیە بیر لە تێەسەندنەوە لە رەفە دەكاتەوە: (ئیمرو منیش مەمگ دوێتەگەی رەفە فلیقانم و حەق خێم سەندم)
دایك و باوكی مچە لە ماێ حەسەن ئاغا كاریان كرد و پێیان باس كردبوو كە(حەسەن ئاغا وە دایگد كرد و دویاخر وە زوور دانەی باوگد).
نووسەری رێمانەكە بە زمانی كچێكی جوان) هاوسێزی خێی لەگەل مچە(منانێكی سرووشتیە) دەردەبڕێ پێی دەێ: (گویزەل ئێغان). ئیتر مچەە شیرەمەنیفرێش و ناتر و بار هەگر، ئاشقی كچەكە دەبێ.
كەسایەتی مچە كە لەمەودوا رێی زیاتر دەبینێ لە پەەسەندنی

ڕمانەکە:(مچە راهاتووی ئازار بوو، خۆی ئازار بوو)
لەناو خەم و پەژارو سووکایەتی کەمەگە و هەژاری و گەمانەکانی گەنجێك نازانێ کێ باوکێتی و بۆی دەگەڕێ، لە شەوێکدا دایکی خۆیی کوشت(وای دەزانی ئەو لکانە لە نەوچەوانی بوو ئەگەر بەر تفی مەلیحە نەکەون سپی نابنەوە) و بردی بێ سەر قەبری"باوکی". لەم کاتە ترسناکەدا ئامە ڕەش پەیدا دەبێ و دیالۆگی هەژنەر و دێتەزێن دێتە پێش:
(مچە: ئامە ئەڕا کە کڕپە بیم زیندە وەچاڕ نەکردیدەم ئەڕا هیشتیدەم لەی دنیا پیسە تا ئەی کردەوەیلە گشتی بانە سەرم. مچە هەمان قسەکانی دایکی دووبارە کردەوە کە هیوادارببووە لافاوەکە بیبات و نەجاتی بێت و ئەم هەموو دەردەسەری و بەدەبەختیە نەبینێ)
ئامە قسەکانی فاتەی دایکی مچە وەبیرهاتەوە کە چۆن هاوار و تکاکردنیشی بەهانای نەهاتن و حەسەن ئاغا بەپلان و بەزڕەملی زەوتی کردووە. هەروا باوکی(مچە)ش باسی شەوی زەوتکردنی فاتەی بێ ئامە ڕەش گێڕاوەتەوە.
حەسەن ئاغا لەگەل ئەوەی دێندەیەکی بێبەزەیی بووە، لەگەل ژنە یاسایەکانیشی درێزنی کردووە و دووڕوو بووە لەگەلیان.
کاتێ کڕگرتە و خزمەتکارەکان لەنێو خۆیان باسی کوشتنی ئاغاکەیان و کوشتنیان کردووە؟ لەوڕامدا وتویانە(کی ئیوەتمان کەد؟) و هەندێکیان دەڵێن(خۆمان زەویەگەی لەناو خۆمان بەش کەین)، یەکێکیتر وتوویەتی(ئینجا حکومەت چوین ری دەد. کشتمان گرێین و حەبس کرێین و ماڵ و منااڵمان لە وەرگی مرن).
هوشیاری ئەو زوڵملێکراوانە گەیشتە ئەو رادەیە دەڵێن: (قەدر سەگەکان لەلای ئاغا لە ئیمە زیاترە) و ئەحلام بەم شێوەیە باسیان دەکات: (ڕەنجبەڕەکان هەموو شتێکیان دەزانی...دەیانزانی ئاغا هیچ نیە ئەگەر ئەمان نەبن، باوەڕیان بەخۆیان هەبوو. لەناو یەکدا پشتگیری یەکتریان دەکرد و بێ یەك دەسووتان و یارمەتی یەکتریان دەدا). ئەمە ڕاستە بەڵام بەکردەوە ڕارا و بڕەوێست بوون و هیچیان نەکرد و کە پەیدا دەبوو سەریان بێ دادەنواند:
(لەگەل ئەوەی هەموو شتێکیان دەزانی و لەناخەوە ڕقیان لە ئاغا بوو، کەچی هیچیان نەدەکرد. کە ئاغا دەردەکەوت، ڕەنگیان زەرد هەڵدەگەڕا وهیچیان پێنەدەوترا جگە لە(ئاغا ئەمر کەید...بەڵێ ئاغا..)

دیداری مچە و ئامە لەسەر قەبران تروپکی ڕمانەکەیە:
(ڕەنگە هیچ ساتێك تەمەنی تاریکی و بێدەنگی لە ژیانی ئامە ئەوەندەی ئەو شەوە درێژ نەبووبێت). ئامە لە خۆا فڕی

تلیاقخواردن نەبووەو، ویستویەتی کارەساتەکانی بیربچێتەوە. یەکێك لەوانە وەك نموونە کاتی لەدایکبوونی مچەیە: (هەموو ڕۆژەکە دەگریا). ئەحلام وەك بێی قەدەری مچە هەر لە کاتی لەدایکبوونیەوە دیاربووە: (هیچ کاتێ ڕۆژێ لە تەمەنم وەك ئەو ڕۆژە نەگریاوم. مچە بێ شیر و منیش مەگەر خوا بە گەورەیی خێی بزانێ چەند بە کوێ و بۆچی دەگریام.)
دکتێرە وێنای تراژیدی تاوانی زەوتکردنەکە دەکات و کاریگەری لەسەر باوکی مچە و لە زمانی ئامەوە دەنووسێت: دەروونی ئاگری ئەگرد وەك ئاگری کادانەکە. ئەو ئاگرە لە کادانەکە قژ سەری چەرمی کرد. ئەو دویکەلە لە یاروو لە کادانەکە دەرچی بییە پەردەییگی ڕەش وەر چاوەگانی پووشی و کووری کرد).
ئامە: (سەرم بێسە قەورستان). ئامە دیداری خێی لەگەل مام سەمین گێهەکەن باس دەکات کە چێن هەر لەو دیدارە کێرپەی(نایاسایی) لوتفیەی کچی مکاك سەمین پێیە و دەیەوێ لەگێی بنێ. لەلایەکەوە ئامە دەترسێ و لەولاوە سێزی مام سەمین بێ کێرپەکە بەبێ ئەوەی هیچ بزانێ.
شێشی 1958 لایەنی تری ڕێمانەکەیە و دکتێرە لە دیدی ژنانی هەژار و زێرلێکراوان دژ بە ستەمکاری حکومەت و پەیمانی بەغدا، دەخاتە ڕوو و ئامە ڕەش وەك پێشەنگی ژنان پێمان دەناسێنێت:
دایکی : عنقلابە
(دەشێ هێی ئەو خێپیشاندانە گەورەیەی خانەقین ئەو هەمکە زوێم و زێرە بێ کە ببوە کێت و دەم و زمانی خەڵکەکەی بەستبووەوە . بەڕاستی ڕۆژی هەژار و ئاوارە و لێقەوماو و بەشخوراوان بوو. کە بینیان ئامە ڕەش لە پێشی خێپیشاندانە گەورەکەی شارەوە، هەژار پێویستی بەوە نەما کەسکی مانای شێشیان بێ ڕوون بکاتەوە. پیرێز بێ حلفی بەغدا ڕوخا…ئیستعمار و کلکەکانی گێبەگێ کران…)

- ئامە کێی بێ ژنان و پیاوان دەبەست. هەرچی هەژار هەیە بەدەوری کێبوونەوە
- ئامە زێر بە گەرمییەوە داوای خێشەویستی و یەکگرتنی خەڵکی شارەکەی دەکرد…شێش هی ئێوەیە و بێ ئێوەیە و ..بیپارێزن…ڕۆژی شەرەف و گەرامەتی هەژارانە)
- هەموومان تاوانیارین(بێدەنگی …نەزانین..قایل بوون…ملکەچی)… (داوای لێبووردنی دەکرد)
- ئامە: موستەشاری هەژاران و دەنگی ڕاستەقینەیان…کێتری ئاشتی…شاژنی شار

- بەداخەوە حەسەن ئاغایشی لە کوشتن رزگار کرد
- ئامانجی خەڵکەکە لە شۆشەکە بەدی نەهات.

پاشان هەر بۆ ئامە دەگەڕێتەوەو دڵخیەکەی پاش سەرکەوتنی شۆش، رووبەکاتەوە: (جار جار دەبینرا، بەڕام ئەوەندە بە مەستی بە رێگەدا دەڕۆیشت، لەتری دەدا..تومەز ئەوی بڕچارەش لە وەڕەسی رووی کردێتە هەمان بەزمی تلیاکشانەکەی جاری جارانی)

ئەوجا باسی زەوتکردنی ژنێکی حەسەن ئاغا دەکرێ وەك ئاماژەیەك بۆ بڕگەنی خەزانی خەسەن ئاغا: (زەینەب ژنی حەسەن ئاغا لەلایەن کوڕە گەورەکەیەوە زەتکرا)

کاتی خۆی حەسەن ئاغا لەسەر رووبار کچێکی جوان وەك(زەینەب) دەبینی چۆن لەگەل خۆشەویستەکەی(عەلی) بەنهێنی یەکتریان لە ئامێز گرتووە. ئاغا دەکەوێتە داشتنی پیلانێك: کوشتنی عەلی(دەستی زەینەب) بەدەست نوور(پیاوی حەسەن ئاغا) بۆ ئەوەی زەینەب بخوازێ

زەینەبیش پاش زەوتکردنی: (خۆیی خنکاند)

حەسەن ئاغا تەنها شۆوەی لە مرۆڤ ئەچێ. ئەم جارەیان کچی برای(مەریەم) زەوتدەکات و دەیکوژێ و براکەی خۆی سەعدی(باوك مەریەم)یش دەرمانخوارد دەکات.

حەسەن ئاغا پرسیار لە ئامە ئەکات:

- ئامە چوین بچمە لای خودا؟ چە بویشمە پی؟
- جەنەت!! هەا! جەنەت ها لە کورە؟ وە دەس کی کەفد؟ دنیا خۆی قیامەتە

حەسە ئاغا چوو بۆ لای ئامە رەش بەو مەبەستە بیکوژێ، چونکە سوور دەزانێ بەوەی کە ئامە ئاگای لە هەموو تاوانەکانی هەیە. داوای ئاوێنەی کرد لە ئامە تا پێ بەدێ سەیری خۆی بکات...ئاوێنەکەی شکاند بەبێ ئەوەی یەکێکیان بڵتە دەنگ، وێستی سەری ئامەی پێ ببڕێت بەڵام نەیتوانی لە شوێنی خۆی هەستێتەوە، پارچەیەکی تری لە ئاوێنەکە شکاند و چەقاندی سەر دڵی خۆی.

جا کێ بۆوا دەکات بەوەی حەسەن ئاغا خۆیی کوشتووە؟ لە کوێ؟ لەماڵی ئامە رەش.

- میمی تو باوگم کوشتی؟

کچەکانی حەسەن ئاغا لە پۆلیسخانە پەنجە بۆ ئامە درێژ دەکەن، بەڵام ئامە وڵامی هیچ پرسیارێك ناداتەوە. خەڵکە بوون بە دوو بەرە. بەرەیەکیان دەیانوت ئامە دەمکە ئەم بۆیارەی داوە و بەرەکەی تر بەرگریان لە ئامە دەکرد.

زۆری نەبرد لەشار هەوا□□کی تر بۆبووەوە و سەچاوەکەی پۆلیس□ك بوو بەناو(ئەمین هیتلەر) گوایە مچە بەخۆی لە پۆلیسخانە ئامادە بووە و وتوویەتی: (من وە دەس خۆم لە ماڵەگەی ئامە حەسەن ئاغا کوشتمە). هەندێ لەوانەی چێکاوخۆری ماڵ حەسەن ئاغا بۆوایان بە قسەکەی مچە کرد و دەیانوت(مچە گەورە بیە و زاند حەسەن ئاغا چەنی تەعدا لە دایکی ئەکرد. دی حەق خۆی و دایگی لەلی سەند).
مچە هەندێ جار لەناو خە□ك هاواری ئەکرد و دەیوت: (نە نە ئامە حەسەن ئاغا نەکوشتیە. ئامە پیاوکوژ نیە).
مچە لە بارود□خ□کی دەروونی خراپ چوو بۆ لای مەلیحە لەشفرۆش، بەڵام ئەم جارەیان مەلیحە قایل نەبوو خۆیی بۆ ڕووت بکاتەوە، لەبەردەمی دانیشت و پێیوت: ئامە حەسەن ئاغا کوشت. عالەم وەها ئویشن.)
مەلیحە بە هێمنی خەتای لەشفرۆشییەکەی لەئەستۆی مچە هەدەگرێ(خەتای تو نەوی…من هەر چارە ڕەشەگەم ئەهاوردمە بان ئەی کارە…تاوان تو نەوی، تاوان باوە ژنم بی و خۆشم ترنك بیم و ئەی کارە قبووڵ کردم. ئەگەر خاس بیاتام خۆم ئەکوشتم…گشت ڕوژیك و گشت شەویگ عالەم وسن ئەڵام…هەر دەقیقەیێگم مردنە…ڕوژی هەزار جار مرم و زینگەو بووم…)
مەلیحە هەست و بیری خۆی وەك سۆزانییەك بە ژان و خەمباری و گریانەوە بۆ مچە ئەگ□□تەوە و پاشان ئە□□ کە ناڵی تۆ لەمن بەدبەختتری، بەڵام تۆ پیاوی ئەتوانی قسە بکە، من ناتوانم قسەش بکەم. گاڵتەی بە خوداش دێ و ئە□□ هەر ئەوەڵ مابوو مەلایکتان بۆن بۆ لام، تەنانەت حاجی و مەلا و فەقیەکانیش دەچوون بۆ لای.
مچە ئەم جارەیان بۆدەنگ نەبوو بۆ ئەوەی ئینسانبوونی خۆی بسەلمێنێ و بە مەلیحەی وت:
(گوش مەتەکن، مەترس، هەر چوینیگ بوو من قوتارد کەم و خوازمەد، سەر هەڵگرین، ئەڵا شاریکی تر چیمن و…لەی جەهەنمە قوتار بووین…دوویر، فرە دوویر کەفیمن. باوەڵ بکە وە فقەورەگەی…)
لەم کاتە ئیتر مەلیحە بەبۆ ئەوەی مەبەستی بریندارکردنی مچەی هەبێت باسی حەسەن ئاغای(سەگ باوگ)ی بۆ کرد و چۆن دەستی نەپاراستووە لە هیچ کژ و ژنێك و (10 منا□ دیرد، منا□ەگان نۆزانن کی باوگیانە).
مچە دیاڵکی خۆی و ئامەی بیرکەوتەوە لەسەر قەبران: (ئامە بویش کو□ باوگ خۆم یا نە؟)

و ڕێشت.
ئیتر مچە تا بەیانی خەوی لێنەکەت و سبەی چوو بۆ پۆلیسخانە و بە ئەفسەرەکەی وت(من حەسەن ئاغا کوشتم)و بەهیچ شێوەیەك قسەکەی نەگۆڕی و دوا داوای ئەوە بوو بیبەن بۆ لای ئامە رەئ و داوای لێبووردنی لێ بکات، چونکە بێتاوانە و بووە بە هۆی زیندانکردنی و پاشان پۆلیس هەرچی لێ ئەکەن با بیکەن.
هەر کە گەیشتە لای ئامە، یەکسەر بەدەم گریانەوە کەوتە سەر دەستو قاچی و وتی: ئەڕا کوشتیدەی؟ من بکوشتامەی خاستر نەوی؟ حەق ئەی عالەمە لەلی بسەندام...ئاخر ئەڕا؟ ئەڕا؟
لێرە ئەحلام دوا گرێی ڕەمانەکەی دەکاتەوە و بەدەم ئامە ڕەشەوە دەڵێ:
(نە کوڕم. چوین بود کوڕ باوگ خۆی بکوژد. هەر چە بوود باوگیە)
لەم ڕستە دنیا لەبەرچاوی مچە ڕەش بووەوە، دەیویست حەقیقەتی خۆی بزانی:
یەکسەر مچە وەك پڵنگ دەستی خستە بینا قاقای ئامە و خنکاندی بەبۆ ئەوەی مەبەستی بێت، مچە ڕێ لە قسەکەی ئامە بگرێ، نەیویست بگەڵتەوە بۆ دەروونی وێرانی...ەدەمیەوە هاواری دەکرد: ئامە بیژ ئامە، من کوڕ باوگ خۆمم یا ...؟ بیژ یاساوەڵە چەندە بە قۆناغە تفەنگ بەربووەڕ گیانی مچە، بەڵام ئەم هەستی پێنەکرد تا ئامە لەبەردەستی ساردبووەوە. ئەوجا هەستی کرد هێزێکی زۆر سەیر لە پەنجەی دەستییەوە بۆ سەری هەڵدەکشێت، دڵندانە هێرشی کردە سەر پۆلیسەکە و تفەنگەکەی لەدەستی سەند، هێنایە سەر پێ و فیشەکێکی نایە ناوچەوانی خۆی و پەلە خۆێنی سوور و گەرمی خۆی پژاندە سەر تەرمەکەی ئامە.
(ڕێککەوت نەبوو سەری مچە لەسەر سنگی ڕەشی ئامەدا دوا ئارامی گرتبوو و هەرچی خەم و پەژارە و ئاوارەیی هەبوو لەڕی خوێنەکەی سەریەوە دەتکایە سەر سنگی ئامە و کراسە شەکەی ئامە خوێنەکەی دەمژی.)
ئەحلام بەم شێوەیە کۆتایی هێنا بە ڕەمانی ژنانی ستەمدیدە و خەڵکی هەژار و پەراوێزخراوەکان، بەڵام هێشتا هەر تەسکینی بەدڵ نایەت و ئەم جارەیان ڕاستەوخۆ و بە ڕوونی دێتە گۆ:
وێنەکەی ئامە دەدڵێ و دەڵێ: بمبووڕە هەی پیرێزتر لە دایك...چیت بۆ بنووسم...ئاممە گەورەتری لە نووسین
ئەحلام پارچە شیعرەکەش دەدڵێ و دەیخاتە سەر پارچە وێنە دڵاوەکەی ئامە، پەنا بۆ حەپی تروپ تیزڵ دەبات بۆ خەوتن،

گۆپەکان دەکوژێنێتەوە بەرەو جیهانی خەو چاوەکانی لەیەك دەنا، بەکو سنگە رەشەکەی ئامە وەك چن لە منالی فرمسکەکانمی هەدەمژی، ئەم جارەیان خەم و پەژارەییم هەمژ و دەستە زبرەکانی بە میهرەوە بهێنێتەوە بە سەرما. دکتەرە دەگەتەوە و وەك بۆ کورتی هێنابێت لە وەسفر ئامە، هەر تینوێتی پی ناشکێ و دووبارە بە پارچە شیعرەك ئامە رەشمان پدەناسێنێ:

ئەی ئامەی سەر گۆستان
ئەی گۆستانی گەك و ئاوارە
سەرت
نەزرگای خت بوو
سەرت
ئیمام و پیر و پیاوچاکان بوو
سەرت
دزەخی هەمیشەیی گیانی وت بوو
ئامە سەرت
لەگەل ئەوەی گۆستان بوو
هەرچی نزای مرۆڤ هەبوو
هەرچی نوژی ئواران هەبوو
ئا لەوە
بۆ بارەگای یەزدان ئەچوو.....
خەکت فرکرد
سەربەرز بژین
خەکت فرکرد
بۆ سەربەستی خۆبەخت کەن
ئەی ئامە رەش
ئەی مرۆقی راستگۆ و یەك روو
ئەی چاوتری خاوێن و پاك
ئەی سەربەرز
ئەی سەربەست
ئەی ئامە رەشی دایەن
ئەی مامۆستای نەخوێندەوار
ئەی تکۆشەر
هیچ کەمتر نیت لە راهیبەیەکی دەربەدەر
هیچ کەمتر نیت
لەو کەسانەی وەکو پغەمبەر
نامەی خیان

بە مرۆڤی کۆن وێندە ئەگیەاند
ئەی ئامە
ئەی دایەن
پێغەمبەران نامەی خوایان پێ بوو بۆ ژیان
تێیش نامەی مرۆڤت پێ بوو بۆ یەزدان...

کێرپەی مرۆڤ دەکوژن
تا ئێرە بە هەموو خستنەڕوو و هەڵسەنگاندنی ڕەمانەکە بە کەموکوڕییەوە، ئێستا دەبێ ئەم پرسیارە کەین: ئایا ئێمە لە بە پێی چ یاسایەکی نووسراو و نەنووسراوی دێندە دەژین؟
ئەمە چ کێمەگەیەکە بە ئاشکرا یان نهێنی ڕێگە بە کوشتنی کێرپەی مرۆڤ دەدا چونکە بە گوێرەی تێگەیشتن و یاسا و ڕێسا و نەریتی نەهاتەتە دنیا؟
لەگەل هەموو بەرزی ئاستی ڕەمانەکە و بیانووەکان بۆ پاراستنی ژیان و ئابرووی ژنان و کچان و خێزانەکانیان لەو سەردەمە، ئایا ڕێگەیەکی تر نەبووە بۆ پاراستنی کێرپەکان؟ ئایا هوشیاری نەگەیشتووەتە ئاستیانی چارەسەرێکی ئینسانیتر؟
ئەوە چ ئینسانییەت و کەرامەت و شەرەف و سەربەزییەکە خێی لە کوشتنی کێرپە دەبینێتەوە؟
نەخێر، ئەو قێناغە بە ئێستاشەوە، پەیەکی ڕەشە بە نێووچەوانی هەر یەکێك لە ئێمە و مرۆڤایەتی. هیچ هێیەك قابیلی قبووڵ نیە بۆ ئەم دێندایەتییە نیە: بەڵێ چارەسەری ترشایان بە مرۆڤ هەیە:
لەم چەند ساڵە دیاردەی کێرپە فڕێدان لەسەر(زیندانە، بەردەم مزگەوت و کناری شەقام و سەرڕێگاکان) زیاتر بەرچاوەکەون، بەڵام هەوڵی تری مرۆڤدۆستانەتریش هەبوو: کاتێ کچێك ڕووبەڕی دەستدرێژی دەبێتەوە و لە ئەنجامدا منالی دەبێ. ئەم ڕووداوە دەبێتە هۆی هەڕەشە بۆ کوشتن، بەڵام بە دەستوەردان و هەوڵی هاوڵاتییەك، چارەسەرێك دێزراییەوە، نە کچەکە و نە کۆمەکە و نە کێرپەکە تیرۆرکران.
لە زۆربەی وڵاتان مافی منالی یاسایی و منالی سرووست یەکسان کراون. کاتی ئەوەش هاتووە کێمەگەکەمان لەم وەحشیگەرێتیە رزگار بکەین و چیتر کێرپەی مرۆڤ زیندەبەچاڵ، فڕێدان و کوشتن نەبنەوە.

لە وتارەکانی:
1- لە وتاری(دەسەڵات) ناەزایەتی خێی دەردەبڕی دژ بە دەسەڵات لە هەرێم و دەنووسێت(ئیمرۆ ڕۆژی قومار و قاچاخچێتیکردنە بە نەوت و ئەتك بە یەکتری کردن و بۆ وەفایی و بۆ کاری و بۆ کەلتوور

سالاریە...دەعوەتی سەرمایەدارە کوردەکان لە هەندەرانەوە بۆ دوورگەی هاوای... و بۆ جیڤارایەك دەگەڕێ وەامی ئەم بارودۆخە بداتەوە...بۆشایی روحی...ئێستاش سەرمایەداری سالاریە...سەرلێشێواوی: قەیرانەکە تەنها قەیرانی کۆمەڵایەتی، دەروونی نیە، بەڵکو قەیرانی وڕە دابەزین و رووخان و کۆس کەوتنە و رەنج بێوەڕی و هەناسە ساردی میللەتەڕ)...
2- بۆ ریش چوو، سمێڵیشی نایە سەر: باسی لەدەستدانی کەرکوك دەکات و نەفرەت لەرووی داگیرکەری بەریتانیای داگیرکەر تا هەتایە رەش بێت)
3- هۆ گەرلیاکان هۆ: چیم دەوێ؟ ئێوەم دەوێ. ئێوە کێن؟ ئێوە منن
4- میللەتەکەم: ئینتما بۆ منارەان و هەژارانی میللەتەکەم ئەتپەڕەستم گیانم فیدات بێت، هەمیشە دادەی منارەانت لە ئێغردایە. ویژدان بۆ تۆ چاو بۆ تۆ و ئەخلام مەنسووریش بۆ تۆ.
5- خەونێکی ڕەش و خوێناوی: بە ڕەشبینی باسی قەیرەکان دەکات و لەدواییدا دەنووسێ: چارەنووسمان هەر بەدەنگییە و بەس! مردنێکی هەمیشەیی و بۆ هیواین لە ژیان. ئەمە ڕاستی چارەنووسی ژنی کوردە.
6- منیش لە زیندانم لە کوردستانێکی ئازاد: گەنجان، بێوەژنەکانی ئەنفال، هەڵەبجە، زیندانییەکانە قەیرە کچان ، پێشمەرگە، گەریلا
7- کرێکارەکان، بێکارەکان، برسیەکان...ئەمرۆ بەڕەتان دەکەمەوە وەك هەموو ڕۆژێك، ئێوە نەبوونایە وەکو سادق هیدایەت خۆم دەکوشت. من لە پێناو ئێوەدا بووم بە ویژدان، پێنووسەکەم هەر ئەمانەتی ئێوەیە و لە گیرفانمدایە، نایفرۆشم، نەمفرۆشتووە، ئەیبەم بە ژێر گڵەوە...بۆام بە حزبەکان نیە..منیش ئێپۆزیتسیونێکی تەنیام، گوڵم هەیە بەڵام کلکم نیە، ناشبمە کلکی کەس. من تۆم، تۆ منیت. مەدە!
8- ئەی شۆشگێڕانی جیهان مەدە: لە بەغدا هاوڕێی شەهید ئارام و ڕەفیق سابیر بووم. ئەم دووانە ڕێگای ڕاستیان پیشاندام و قاچم نەخلسکیا، تەسلیمی ڕاگەیاندنی بەعس نەبووم...بەتاقی تەنیا وەك شیوعییەك تا ئەم ساتە ماومەتەوە. هیچم نیە، تەنها خۆم و پێنووسەکەم. لە هیچ دەزگایەك کار ناکەم، چونکە جگەم نیە...زۆر بەختەوەرم چونکە پێنووسەکەم نەفرۆشتە هیچ جزبێك:
من چی بکەم بەم سەرە، فڕ بووە بە ناعەدالەتی بێ نا)!...

ڕووناکی لە خۆشاردنەوەیە نەك لە وشەکان،
حەقیقەتمان لە سات و چرکەکانی جۆڕوانی بەدەنگیمانە،
لە پاڵ ئاوازێك، کناری شعرێك یان لە قەدو باڵای گۆرانییەکەی
لەوانەیە
لەسەر باڵی پەڕە هەورێك یا سێبەری نەمامێکە:
باران ئەبارێ،

دەنگی ئەبیستم و بۆنی ئەکەم
چاو بۆ ئاسوو هەڵدەبڕم،
روخساری ئەبینم
کە هاوەڵی مۆسیقا ئەکەم
لەگەل بڵدەنگی ئەو،
پەنگ ئەخۆمەوە.
هەرچی ئەکا یا نەکا
بۆ هەرکۆ بچی یا نەچی
هەر لە مەودای هەناسەمە
کەچی نە ئەو دیارە و
نە منیش ئوقرە ئەگرم
هەر هۆندە ئەزانم
لە گەل نەمام و
تۆنی(سیمفونیای بڵدەنگی)م
لەگەل بۆزاری و سەرسامی و پرسە بۆ وۆامەکانمان
پیاسەئەکەم.
ئۆمە خۆشەویستیمان رادەستی بڵدەنگی و دووری کردووە:
من هۆز و چۆڕ لە بوونت وەردەگرم، بوون
(دادگاکانی پشکنین)هۆشتا حاکمن
بەڕۆزەکان: من باسی قومری ناو لانەکەی پشت ماڵەکەۆم ئەکەم!